
# چەندێکی تر لە

# هەناسەکانی هۆشەنگ



دکتۆرەکان با ش لە مەرگ ناگەن

* * * * * *

عەشق

روو لە مردن ناکات

* * * * * *

بەهەشت

سوێبوونەوەیە لە ژیان

* * * * * * *

سێوەکانی باخەڵم

لە هەنارەکانی تۆ خانە ترن

* * * * *

من وەحشم لە تۆی پەریدا

* ** * * * *

هەناسەکانی رێحان تێکەڵ بە نامەکانی هەتاو ئەبن



* * * * * * *


نامە نووسین

جوانییەکە لە جوانییەکانی شەنگە بی ئەکا

* * * * * * *

خوێندنەوە

دانیشتنە لەبەر سێبەری وەنەوشە



* * * * * **

نووسین

خەمخواردنە لە گەیشتنی چۆلەکەکان بە هێلانەکانیان

** * * * * *

خەمخواردن

پێشکەیەکە بە دڵ وە ئەدات

* * * * * *

پێشکە

ئەیوێ تێکەڵی خوێنی مرۆۋ بێ لە خۆشەویستیدا

* * * * * * *

لە خۆشەویستیدا

دەفتەر و نامە و گوڵ و چرا و وەك ماچ خۆشن

* * * * * * *

دیارییەکانی یەکەم خۆشەویست و دواهەمین خۆشەویست

هەناسەی نیرگزن

* * * * * * *

بەختیار عەلی

نایێتە هەیوانەکان

* * * * * *

کەریم دەشتی

ساماڵی پیری

* * * * * * *

هیوا قادر

پەنجەکان و بۆنی هەنار

* * * * * * *


رێبوار سیوەیلی

ژیاندۆست لە نێو ئاگردا

* * * * * *

هەندرێن حەمەدەمین

مەگیرانی خۆشەویستی



* * * * * * *

سامان عەزیز

فێنکایی تەنبەڵی

* * * * * * *

مامۆستا زیاد

بورکان نیە و هەمیشە ئەتەقێتەوە

بەسەر خۆیدا

* * * * * * *


ئازا

سەفەرێکە دوور دوور

* * * * * * *

بێکەس حەمە قادر

من لە جیاتی ئەو بە خوێن ئەڵێم جوانییەکانم مەکوژە



* * * * * * * *

تریفە دۆسکی

جوانییەکانی بادینان

* * * * * * *

موحسین قۆچان

مامم لە دەرەوەی ماڵی شعردا

* * * * * * *


بلند محەمەد

جحێل جحێل لە نێو دێرە نێرگزییەکانیدا

* * * * * * *

جوله حاجی

چاوشینترین هەناسە



* * * * * * *

حسێن سایق

قەهرێك لە بارزان

* * * * * * *

فەرهاد پیربالّ

فتنەیەكی جوان

* * * * * * * *



شێرزاد حەسەن

خەمی ئیرۆس تورەی ئەكات

* * * * * * *

مەهدی سالّح

خۆی ناكوژێت لە دووری خەونەكان

* * * * * * *

فلۆپی

خەونەكانیش ئەگوازێتەوە

* * * * * * *

تەپلەی جگەرە

عەشقێك بۆ بۆن و تۆزی یارە سووتاوەكەی

* * * * * * *

شێركۆ بێكەس

وەك سارتەر ناتەبا لەگەل یۆتۆپیای دونیایەكی بیٚ جگەرە

* * * * * * *

هۆشەنگ شێخ محەمەد

رێبوارێك هەمیشە لەنێوان دهۆكی خەون و هەولێری نان  و شەقلاوەی مندالّی



* * * * * * *

**شانۆ**

**گریانێك بۆ دووری و لەدەست چوونێکی جوانی**

* * * * * * * *

**مێلاقەکانی هەنار**

**تلوڤەی حەزە وشکبووەکانی باخچە**

** * * * * * *

**مەولەوی**

**بۆنی ئامێز و مێخەکی هەناسەی عەنبەر خاتوون**

* * * * * * *


**مەمك**

**پەلکە رێحانە و ئەسووتیٚ**

* * * * * *

**گۆرانی**

**سووتانی روحە لە مۆسیقادا**



* * * * * *

**سەما**

**راستی پەیوەندی لەش و سۆزە گەرمەکانی ژیانە**

* * * * * * *

**گوشینی لیمۆ**

**چێژی پەنجە توندڕەوەکانە**

* * * * * *

**مەمك گرتن**

**چێژی ژنە لە مێخوازیدا**

* * *  * * * *